# ڕێنیشاندەر بۆ بەکارهێنانی فەرهەنگۆکی کوردی ـ ئەڵمانی

خوێنەرەوەی خۆشەویست، تکایە بەرلەوەی فەرهەنگۆکەکە بەکاربهێنیتو تێیدا بۆ وشەیەک بگەڕێیت، سەرنجێکی تێروتەسەلی ئەلفبێی کوردیو وشەکورتکراوەکانی ناو ئەم فەرهەنگۆکە لە سەرەتای کتێبەکەدا واتە لە لاپەڕەکانی ١٩—١٧ دا بدە. بۆئەوەی جۆری ڕیزکردنی ئەلفبێیەکەو بەکارهێنانی وشەکورتکراوەکانت لێ ئاشکرا ببێت.

## ١ – هەندێ وردە تێبینی دەربارەی ئەلفبێی کوردی

بەداخەوە تا ئێستا زووربەی ئەو فەرهەنگنووسانەی فەرهەنگیان بۆ زمانی کوردی نووسیوە نرخی تایبەتییان بۆ هەردەنگێک لە دەنگەکانی زمانی کوردی ،کە ئێمە وێنەکانیان بە فۆنێم ناو دەبەین، دانەناوە یان ڕەچاویان نەکردوونو تێکەڵوپێکەڵییەکی یەکجار زۆرلە ڕیز کردنو نرخ بۆ دانانیاندا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە جیاوازیان لە نێوان بزوێنەکانی «و ، وو ، ۆ» دا نەکردووەو و بە یەک فۆنێم لە قەڵەمیان داون و نرخی تایبەتی خۆیانیان نەداونەتێ. یاخود لە لایەکی ترەوە تیپە بێدەنگەکانی «ڕ» لە «ر» و «ڵ» لە «ل» یان جیا نەکردۆتەوەو بە یەک فۆنێم نرخاندوویانن.

ئێمە لەم فەرهەنگۆکەدا وشەکانمان بە پێی ئەلفبێی عەرەبی ـ کوردی ڕیز کردووەوە. واتە ئەو فۆنێمانەی کە لەئەلفابێ عەرەبییەکەدا نیینو کورد وێنەی بۆ داناون. ئێمە لە دوای تیپەکانی وەک خۆیانەوە ڕیزمان کردوونو مامەلەی فۆنێمێکی سەربەخۆمان لەگەڵدا کردوون. بۆ نموونە تیپەکانی وەک «ڕ» لەپاش «ر» وە، «ێ» لەپاش «ی» یەوە.

ئەگەر سەرەتای بڕگەیەک یا وشەیەک بە بە بزوێن دەست پێبکا، ئەوا ئەو بزوێنە پێویستی بە بزوێنهەڵگرێک «ئ» هەیە.

ئەو بزوێنە زۆرکورتەی کە لە نووسینی کوردیدا بە تیپی عەرەبی ـ کوردی تا ئەمڕۆ هیچ وێنەیەکی بۆ دانەنراوە، لە فەرهەنگۆکەکەشدا ڕەچاو نەکراوەو هیچ کارێکی نەکردۆتە سەر جۆری ڕیزکردنی وشەکان. هەرچەندە ئێمە بۆ دوا ڕۆژ وەک پێشنیاز وێنەی «ئ/ـۂ» مان بۆ داناوە. نەبوونی وێنەیەک بۆ ئەم بزوێنە لە ئەلفبێی کوردیدا بۆشاییەکەو دەبێ پڕ بکرێتەوە. ئەم بزوێنە زۆر کورتە بە پێچەوانەوە لە نووسینی کوردی بە تیپی لاتینیدا نیشانەی «i» ی بۆ دانراوەو ئێمە لە نووسینی وشەکاندا بە تیپی لاتینی ـ کوردی ڕەچاومان کردووەوە.

نیوەبزوێنەکانی «و *w*» و «ی *y*» لە نووسینی کوردی بە تیپی عەرەبی ـ کوردیدا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ بزوێنەکانی هاووێنەیاندا نابێو وەک یەک دەنووسرێن. تەنیا لە سەرەتای بڕگە یا

لەم فەرهەنگۆکەشماندا وەک کارە زانستییەکانی ترمان هەردوو جۆرە تیپە کوردییەکەمان بەکار هێناوە، واتە تیپی عەرەبی — کوردی و تیپی لاتینی — کوردی ش، بۆئەوەی هەموو کوردێک لە هەر وڵاتێکی ژێردەستەوە هاتبێ توانای بەکارهێنان و سوود لێبێنینی لێیهەبێ و نەوەی نوێی کوردیش لە ئەوروپا بەئاسانی توانای بەکارهێنانی هەبێ.

فەریاد فازیل عومەر
مامۆستای زمان، ئەدەب و مێژووی کورد
لە زانستگای فڕای بەرلین و
سەرۆکی ئینستیتوتی خوێندنی کوردی
بەرلین